# نەتەوەپەرستی لای هشام ئاکرەیی

هونەر عەبدولا

سیاسەتی بۆژانەوە (ئەسیمیلە) و نەتەوەپەرستی لای پ. کۆمۆنیستەکان، بابەتێکی بەڕێز هشام ئاکرەییە لە کوردستان نێتدا کە لە ڕێکەوتی ٢٠–٦ دا بلاّوکراوەتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون و زانیاری زیاتر لەسەر سەرنج و بیروبۆچونەکانی بەڕێز ئاکرەیی لەمەڕ کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزم، پێم خۆشە کە خوێنەران سەرەتا نووسینەکەی ئاکرەیی بخوێننەوە چونکە ئەم نووسینە کەمتر دەچێتە سەر دەیالوگ و نووسینەکانی ئاکرەیی.

بەڕێز ئاکرەیی، لەنووسینەکەیدا وەك ناسیونالیست و نەتەپەرستێکی شکستخواردوو دەیەوێت شکست و ناسازیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بداتە پاڵ کۆمۆنیستەکان، ئەو دەستە چەورەی خۆی و بزووتنەوەکەی بە کۆمۆنیستەکان بسڕێت و بەنەتەوەپەرست و ڕاسیزم. . هتد تاوانباریانبکات، بەڕاستی ئاکرەیی جورئەتێکی باشی هەیە لە تۆمەتدان و قسەی بێ فاکتدا، دەنا لەکوێ ئەم خزمایەتیەی بۆ کۆمۆنیزم لەگەڵ ئیسلام و ڕاسیزم. . دۆزیەوە، هەروەك وتم: ئەمە سڕینی دەستی چەوری خۆیەتی، دەنا لە ڕاستیدا ناسونالیست و نەتەوەپەرستیەکەی ئەو لەگەڵ ئیسلام، ڕاسیزم و شۆڤێنیزمدا ئاو لەهەمان سەرچاوە دەخۆنەوە.

ئەمڕۆ، لە هەموو ڕوژانێکی تر زیاتر ناسۆنالیستە قەڵەمبەدەستەکانی کورد تووشی سەرلێشیواویی و شکستبوون، شکستێك کە پەیوەندی بە جێگەو ڕێگەو پایەگەی کۆمەلاّیەتی بزووتنەوەکەیانە، بزووتنەوەیەك کە نوقمی ئەقلّیەتی عەشایەری و دەرەبەگایەتی بووە، هیچ سازگاریەکی بە مۆدێرنیزم و تەنانەت مافە سەرەتایەکانی خەڵکیشەوە نیە، تازە کار لەکار ترازاوە کە بەڕیزانی وەك ئاکرەیی تئیوەری بۆدابتاشن وەك بزووتنەوەیەکی هەقخواز و سەردەم پێناسەیبکەن.

ناسیونالیزمی کورد، بە سوودوەرگرتن لەستەمی میللی و ملهوڕی سیستمە حاکمەکانی غەیرە کوردەوە درێژەی بە تەمەنی خۆیداوە، هەمیشە سەری ئەوسەری هاوکیشەکەبووە لە قوڵکردنەوەی شەڕەقەومیەکاند. ئەوە ناسیونالیزمی کورد بوو کە ویستی کەرکوك بکاتە بەلکانێکی تر و دەزگای تۆڵەی دروستکرد و یەکەم چالاکی هەڵدانەخوارەوەی عەربێك بوو لە سەر پردی خاسەوە.

تا ئەو جێگەیەی دەگات بەوەی کە بەڕێز ئاکرەیی پێیوایە کە کۆمۆنیستەکان نەتەوە، زمان، دابوونەریت، ولاّت، کورد و خاکیان لا گرنگ نیە، دەکرێت بلّێم ئەو بەڕێزە لە هەندێکیدا ڕاستدەکات. . نەتەوەپەرستی و بەرزڕاگرتنی پێناسی نەتەوەوایەتی لە بەرامبەر نەتەوەکانی تردا یەکسانە بە ڕاسیزم، کۆمۆنیستەکان هەمیشە لە خەباتدابوون دژی، هەروەها هەلاّواردنی ئینسان و چەوساندنەوەی لەسەر بنچینەی نەتەوە زمانی جیاواز دوبارە محکومە. بەلاّم بۆ ئاکرەیی هەموو ئەوانەی ڕیزیکردوون گرنگن تەنیا (ئینسان) نەبێت، هەڵبەت ئەو بەڕێزە ناهەقی ناگیرێت لە بیری فەلسەفی ئەودا خاك و ولاّت لە مرۆڤ، و دانیشتوانەکەی بەڕێزترە، کەپکی حەمەد ئاغا سەربەرزترە لە وسەدان کوردەی بەدەستی یەکتر لەسەری بە کوشتدران، بۆ دەستگرتن بەسەرچاڵێك نەوتی کەرکوکدا گرنگ نیە با هەموو کورد لەسەری بەکووشتبچێت.

ناسیونالیزم، بۆدروستکردنی ئەفسانەی نەتەوە، سوود لە هەموو جیاوازیەکانی خەڵکی وەردەگرێت، زمان و دابوونەریتش یەکێکن لەوانە، ئەوان زمان وەك وەسیلەی تێگەشتن و پەیوەندی نیوان مرۆڤەکان ناناسن بەڵکو وەك هۆیەك بۆ جیاکردنەوە من لەوی ترە. دابوونەریتیش بەوانەی کە تا مۆخ کۆنەپەرستانەیە دەبێت وەك پاشماوەیەکی پیرۆزی بابوباپیران سەیربکرێت و ڕەچاوبکرێت. کۆمۆنیستەکان هەمیشە بەدوای کۆکردنەوەی خاڵەهاوبەشەکانی مرۆڤەوەن تاکو هەموو یەکبین، بەپێچەوانەی ناسیونالیستەکانەوە کە بەدوای دۆزینەوەی جیاوازیەکانەوەن تا هەموو ناکۆك و دوژمنبین.

هشام ئاکرەیی، لە جێگەیەکی تری نووسینەکەیدا دێتە سەر ڕابەرانی کۆمۆنیستی وەك: مارکس، لینین و مەنسور حیکمەت، پێیوایە کە ئەوان تەقدیسکراون تەنانەت بە کۆمۆنیزمیشەوە. هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەلاّیەتی خاون ڕابەر و قەڵەمبەدەستانی خۆیەتی، ئەو ڕابەرانەش لە بزووتنەوەی چینی کریکار، یەکسانیخوازی و ئینساندۆستی ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە، لەبەر ئەوە ئەو ئینسانانە نەك بۆ کۆمۆنیستەکان بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی جێگەی شانازی و فەخرە، ئەمەش مانای تەقدیسکردن نیە، بەڵکو ئەوە ڕابەرانی ناسیونالیستی کوردە کە وەك باوکی میللەتی کورد دەیاندەنەقەڵەم.

تاکو ئەو جێگەیەی تایبەتی دەکات بە مەنسور حکمەتەوە قسەی تایبەتتر هەڵدەگرێت، هشام ئاوا دەڵێت:" ئەو مەنسوور حیکمەتەی کە ڕازی نەدەبوو لە ناو هیچ پارتێکدا بێت ئەگەر ڕۆڵی ڕابەر پێ نەدرابایە". هەڵبەت ئاکرەیی، ڕۆڵ و نەخشی ئەو ڕابەرانە لە سەر کۆمەڵگە دەبینێت هەربۆیە بەشێك لە مەئموریەتەکەی تەرخاندەکات بۆ سووکایەتیکردن بە ڕابەرانی کۆمۆنیست. بەڕێز ئاکرەیی، پێمخۆشە بە سووکایەتیپێکردنی نەداتە قەڵەم کە پێی بڵێم: " بەڕێزم تۆ کەسێکی بێئاگایت. " چونکە جیابوونەوەی مەنسوور حیکمەت لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ڕابەری نەبوو، بەڵکو لەویش خۆی ڕابەربوو لەسەردەمی ئیتحاد مبارەزاتیشدا هەر ڕابەربوو، مەنسوری حیکمەت کارە پراکتیکی و تیئوەریەکانی ڕابەرایەتی ئەوی کردە کارێکی زەرووری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، مارکس و مەنسور حیکمەت کە ئیستاش لە ژیاندانین بەلاًم وەك دووڕابەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی حزوریان هەیە. زۆر ئاساییە کە کۆمۆنیستێکی ئەڵمانی یاخود کورد مارکس و مەنسور حیکمەت بەڕابەری فیکری خۆی بزانێت بەلاًم ناسیونالیستیکی ئێرانی موسەدیق، تورکێکیش ئەتاتورك و کوردێکی ناسونالیستیش ئاپۆ بەڕابەر دەزانن.

لەکۆتایدا، ئامۆژگاریەکی بچووك بۆ بەڕێز ئاکرەیی و ئەو نووسەرانەی کە هەمیشە وەك ئەو بیردەکەنەوە و خۆیان بۆ جەبهەسازی لە دژی کۆمۆنیزمی کلرێکاری ئامادەکردووە، کەمێك بە نووسراو و ئەدەبیاتی مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کریکاریدا بچنەوە باشترە، گەر کەمێك بەرەو مرۆڤدۆستی وەرنەچەرخێن ئەوا کەمتر دەکەونە هەڵسەنگاندنی هەڵە و نادرووستەوە، چونکە پێمان خۆشنیە پێیان بڵێین: "بێئاگان".

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org كوردستان نێت